

# سواره ئیلخانیزاده
## لە کەنارە گوماناوییەکانی تۆ دەریامی دا

باران
رامان سۆفی سوڵتانی- بۆکان

## 1

پۆلێک هاوڕێی گیانی گیانی بوون، لە سەفەری پڕ کارەساتی یەک باوەڕی سەوز و نوێوە دەگەڕانەوە، لە چاپخانە و پەناو پەسێرەکان دەگەیشتن بە یەک و بە چاو لە یەکیان دەگەیاند:»هاوڕێ شتی تازە چیت نووسیوە؟»هەرکامەیان کە زاری دەکردەوە، پۆلێ سۆز و چریکەی تازە لە قورگیەوە هەڵدەڕژا.باڵیان بە سەر یەکتر دا دەگرت و تا شەکەت دەبوون، خەماویەکانیان بە گوێی یەکتردا دەچرپاند.ئایەتەکانی پەراوی دڵیان هەر لەوێوە پەرەوازە دەبوون و بە شەقەی باڵ و گمە و جریوەیەکی بەیدەست، بێدەنگی ئەندێشەو هزری چاو ترسێن کراویان دەشکاند.

لە گۆرانیەکانیان داهەمیشە ئاسمانێکی تازە وچیا و شارو ...دەستەمۆنەکراو هەڵپەیان بوو، «عەلی حەسەنیانی»،»سوارە ئیلخانی زادە«و «فاتح شێخولئیسلامی- چاوە-» ئەو دەنگە دەگمەنانە بوون، باڵیان کێشا و زیاتر بەرزبوونەوە، بەڵام دیسان هومێدی فێرە سەرڕەوی سوارە شێتتر لەوە بوو بەم ساکاریە داکەوێ.

با – لاوژەی بە شیعری پاراوی ئەو دەگێڕا. شیعری ئەو کە« عەتری زاری کچ و خەمی خاکی پێوە بوو» لە هەر دڵێکدا چرایەکی دا دەگیرساند و یادگارێکی بە جێدەهێشت. کەشکۆڵەکەی بە شاندادەدا و هاواریدەکرد: دزێوییەکان هەنگاوتان پێشلنەکات «هەتا هەتایە دەوری جوانیە» هەمیشە وا بوو، لە کن ئەو تێپەڕینی کاتەکان، باوەشێک مزگێنی سەوز و سوری لە دوای خۆی بە جێدەهێشت و لە‹ حەنجەرەی تۆز لێنیشتووی زەمانەوە، گوێی لە زەمزەمەی خیزە ودەکانی کانی دەگرت.» باوەشی پڕبوو لەو سۆزە سێحراویانەو بە بەر چاوە چنۆکەکانی دەسەڵاتەوە دەیهێنان، بەشکە بیگەیەنێتە هەرێمی مانەوە، بەڵام مخابن دەستی نگریسی ئەجەل بەر لەوەی ئەم «شەنگەسوار»ە گەروو پڕ لە چریکە و نەغمەیە، بگاتە هەواری پێگەییشتنێک، کە خۆیی دوارۆژ لە بەر چاویان بوو، سەری پێنایەوە. سوارە دەنگێکی سەربەخۆو تازە بوو. لە دەوری دووهەمی تازەبوونەوەی شیعری کوردیدا(دوای مستەفا شەوقی، سەیفولقوزات، خاڵەمین، هێمن و هەژار، ئاڵای پێشەنگایەتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی هەڵگرت و شەکاندیەوە. حاشا لەوە ناکرێ شاعیرانێکی تر لەم بەستێنەدا کارتێکردنیان لە سەر سوارە هەبووە، دیارە هیچ دەقێک بە بێ ئاوڕدانەوە لە بەرهەمەکانی بەر لە خۆی نایاتە بەرهەم، بەڵام لە گەڵ ئەمەدا دەنگی سوارە هەر هی سوارە بوو. تەنیا کەسێک بوو لە ناو دەستە هاوەڵانی خۆیدا پشکوت و هەوڵی ئازایانەی دا بۆ گەشتن بە لوتکە. ناوی سوارە لەگەڵ «شار»، «کچیبەیان»، «خەوەبەردینە«،»شەنگەسوار»،»هەڵۆ»و»سروەی بەیان»دا واتایەکی گەش و دڵبزوێنی کردبووە بەر خۆی و پەرژینی دڵەکانی دەبەزاند و هێلانەی تیا دەکردن. لەگەڵ ئەمەشدا شیعری سوارە پرش و بڵاو و چاپ نەکراو لە ناو جەماوەر دا دەهات و دەچوو. دوور نییە لەم چەند ساڵەی دوای مەرگی سوارەدا، زۆر شوێنی شیعرەکانی دەستیان تێوەردرابێ، یان کەم و زیادکرابن. دیارە جیاوازی نێوان نوسخە جیاجیاکانی شیعری ئەو، بەڵگەیەکە بۆ ئەم وتەیەم،



«تۆ دەریامی» یەکێک لەو شیعرە بەرزانەیە لە خوێندنەوەیەکی جوانی ناسانەی شیعردا، سەرنجی کابرای خوێنەر بۆ ئەم گۆمانە رادەکێشێ» رەنگە ئەمەش یەکێک بێ لەو شیعرانەی سوارە، کە دەستی تێوەردرابێ و وەک خۆی نەگەییشتبێتە دەستی ئێمە.» [- دیارە من بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، پشتم بە هیچ بەڵگەیەکی مێژووی نەبەستووە. تەنیا لە رۆچنەی خوێندنەوەی ستاتیکایی شیعرەوە جەخت لە سەر ئەو مابەستە دەکەم و بەس.]، لە بابەت پێکهاتە و زمانەوە لە شیعرە سەرکەوتوەکانی تری جیاوازتر دەینواند ، هەرچەند شانبەشانی شیعرە بەرزەکانی بە سەر زارانەوە بوون و دەمەتەقێی لە سەر بووە.

«تۆ دەریامی» وتووێژێکی شیعریە لەنێوان کورو کچێکی هەستیاردا، هەر

سوارەی ئیلخانیزادە

له روانینی یەکەمەوە دیارە کە لە دوو هەنگاودا داڕێژراوە:

ئـ - رازونیازی کوڕە دڵدارەکە بۆ دەزگیرانەکەی

بـ - وەڵامی دەزگیرانی کوڕەکە

لە هەنگاوی یەکەمدا- رازونیازی کوڕە دڵدارەکە، کە ئەویش لە ناو خۆیدا دەبێتە دوو بەش:

1.دەربڕینێکی تاریفیە لە شەنگی دڵدارەکەی بە شێوەیەکی تەواو رۆمانسیانە.

2.لە نەکاو دەچێتە سەر رئالیستێکی شۆڕشگێڕانە، روانێکی پیرۆز وماتەماویە لە ئێستاوە بۆ دوا ڕۆژ.

شاعیر خیاڵاوی روو دەکاتە دڵدارەکەی، دەمێک لە گۆمی روانینیدا نوقمدەبێ و ساتێ لە دەشتی ئەوپەڕی نادیاری خۆشەیستنیدا بێوچان هەنگاو دەنێ. هەرچی دەکات بۆی کەوی نابێت و بۆی ناچێتە نێو دوو توێی شیعرەکانی.

**تۆدەریامی بە روانینی دوو چاوی شینی بێ بنت**

**بەخاوێنیت بە ئارامیت**

**تۆدەریامی**

**بە شەپۆلی لەنجەو لارت**

**بە شەنگە ژنیت**

**بە سامیت تۆ دەشتی ئەو پەڕ نادیاری**

**بۆ چۆڵ برێ لەپێکەوتوو**

**تاپۆی شاری**

**تۆ روح سووکی وەک خەونی خۆش**

**وەک هەناسە**

**جێناگری**

**لە توێی شیعرا چەشنی تاسە**

**هیوای تینوێتی رێبواری**

**تۆ شۆڕەبی ناو شۆرەکاتێکی گەرمی**

**لە بەر نیگای تاسەباری ئەویندارا**

**خۆ داپۆشیو بە لک و پۆو کەزیەی شەرمی**

## 2

بەڵام ئەی کیژ ئەی چاو نەرم...، بە وشەی «بەڵام» بەشی دووهەمی شیعرەکە دەستپێدەکات. ئەم بەشەش هەر رەنگدانەوەی خەمی پیرۆزی دڵدارە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. ئەمجار لە خەستەخانەی خەمەکەیدا خەمی بریندار بوونی گەنجێک گینگڵی پێدەدا، کە لەشە ناسکەکەی کردۆتە شورەو قەڵغان بۆ بەر گریکردن لە هاتنی داگیرکەرانی خاکەکەی، خەمی ئەو هەر بەوەندە نابڕێتەوە، بەڵکو کڵپەی خەمێکی دیش خەریکە دەیسووتێنێ، ئەویش توانج و سەرکۆنەی ئازیزەکەیەتی، گڕی سووتێنەری روانینی مەزلوومانەی خۆشەویستەکەیەتی، کە نوێنگەی ژان وهاواری ئازیز کوژراوانە،

**بەڵام ئەی کیژ، ئەی چاو نەرم**

**ئەی خەنجەری تۆڵەی رق تیژ**

**ئەمڕۆ من لە خەستەخانەم**

**نە وشیارم نە لە سەر خۆ**

**لایەکی بیرم لای ئەو گەنجەیە**

**بە دەمی برین پێکەنی**

**بە شوورەی وەک پۆڵای لەشی**

**رێگای چەکمەی سووری خوێن و**

**دەستی ڕەشی بەعسی تەنی**

**لایەکی بیریشم لای تۆ**

**نا ئەی هەنیەت وەک مانگە شەو**

**نا دەریای مەندی چاو بەخەو**

**گڕی ئاخ بەرمەدە گیانم**

**بە نیگای ئاشنای لێ کوژراوان مەمتاسێنە**

**خۆم زامارم بە خوێی توانج مامکولێنەوە،مەمسووتێنە**

**مەڵێ خۆزگە دەزگیرانم**

**پاڵپشتی ژیانم بمردایە....؛**

سەرەڕای ئەم نیشتمانپەروەریە و ئەم هەستە پڕ لە خۆشەویستیە دیسان کچی «تۆ دەریامی»دەنگی سکاڵای هەڵدەبڕێتەوە و دەڵێ: هەر چەندە سکاڵای ئەویندراری خۆشە، بەڵام لە وەها بارودۆخێکی ئەستەمدا کە سات بە سات خەریکە گڕو کڵپەی ستەم لە خاکەکەماندا تەشەنە دەکات و دڵی دایکان هەڵدەقرچێنێ، خەریکە داروبەردی وڵات لە ژێر بۆمبە سووتێنەرەکاندا دەبنە خەڵوز،کوفرە بۆ تۆ بڵێی من بیرم لەلای تۆی دڵدار و خۆشەویستمە.کچی ئازا رازی نابێ بڵێ لە دوای ئەو دەزگیرانەکەی ڕەنجەڕۆ دەبێ.چونکە ئەوێتر نووێنەری کچێکی ئازا و زانا و ڕووناکبیرە،کە بە تەنیاش دەتوانێ هەوڵ بدات. ئەو کوژران لەو خەباتەدا نەک بە ڕەنجەڕۆیی نازانێ،بەڵکوو بە شانازیەوە حەز دەکات خۆی و دەزگیرانەکەی گیان و لەشیان بەختی ئەم ڕێگایە کەن.کچێک کە دەتوانێ لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی و...بەشدار بێت ئیتر حەز ناکا ئەرکی هەر چاوەڕوانی و گریان بێت.؛

**«بەڵام ئەمڕۆ کە هەر ساتێ دڵی دایکێ**

**لە کوردستان هەڵدەقرچێ**

**بە هەر بۆمبای سووتێنەرێک**

**داری چاکێک دائەقرچێ**

**نەتگوتبا لایەکی بیرم لای تۆیە**

**مەگری ومەڵێ دەزگیرانت ڕەنجەڕۆیە**

**بەو زارەی لە زەردە زیزە**

**بە ئارامی کە شێوەی دڵمەندی تۆیە**

**مەڵێ بەس ئەم گفت و گۆیە**

شاعیر بە بیری رووناک و ئاواڵەوە ئەوە بەبیردێنێتەوە لە چاخی نوێدا، کچانی ئێمەش  بەو راستیە گەیشتوون، کە دەتوانن هەموو ئەرکێکی کۆمەڵ بگرنە ئەستۆی خۆیان. نەک هەر لە راپەراندنی کاری ماڵداری و هەندێ وردە کاری دیکەی ژیاندا، بەڵکو لە جەرگەی هەموو ئاڵ و گۆڕەکاندا هەن و شان بە شانی پیاوان هەنگاو دەنێن.

کچی تۆ دەریامی، نە کچی سەرەتای دەسپێکردنی شیعرەکەیە، نە کچی باڵاخانەی غەزەل و گۆرانی. ئەو هەستپێدەکات، بیردەکاتەوەو قوڵ هەڵدەماڵێ و ڕەخنە دەگرێ. پێیوایە لە هەوارێکی مەند و ئارامدا، نەبێ ڕێگای هیچ ماسی پەنجەیەک نابێ بدا لە دەریای بەرۆک و سینگی و مەلە بکات.



سوارەی ئیلخانیزادە

**تۆلات وایە من نازانم**

**سکاڵای دڵداری خۆشە**

**بەڵێم ئەمڕۆ من بەشێکی کوردستانم**

**کیژی سەدە برا کوژراوی نیشتمانم**

**تازە ماسی تاسەباری دەستی تینووت**

**ڕێی نیە بۆ دەریای سینەم**

**هێندەی خوا خۆشەویستی**

**بەڵام من کیژی کوردم**

**جەهەننەمە گڕی کینەم.**

ئەمە لێکدانەوەیەکی بیری شاعیر بوو، لە پانتای شیعری تۆ دەریامی دا. ئەگەرچی خۆم زۆر لەگەڵ ئەم جۆرە لێکدانەوانەدا نیم، بەڵام حەزمکرد پیاسەکەمان لە ناخی شیعرەکەوە دەستپێبکات، بەرەو لێوارە گوماناویەکانی دەریاکەی سوارە. ئاکامی ئەم سرنجە گوماناویە، رەنگە بمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتە، لەگەڵ ئەوەی شیعری» تۆ دەریامی» وەک بەرهەمێکی کاریگەر هەمیشە لە ناو هۆگرانی ئەدەبدا رێزێکی تایبەتی هەبووە، بەریش نییە لەهەندێک هەڵەی بەرچاو و تێبینی گرنگ لە داڕشتن و پێکهاتەی شیعرەکەدا.

«تۆ دەریامی»یان دوو شیعرە و لە دوو کاتی جیاوازدا نوسراون و بە هەڵە بەیەکەوە لکێنراون، یان ئەم دوو بەشی دواییە -لە دێڕی بەڵام ئەی کیژ/ ئەی چاو نەرم...»هوە تا کۆتایی – شیعری سوارە نییە .هەر چەند خۆم سورنیم لە سەر ئەو بۆ چوونە، چونکە وەک وتم بێجگە لە دەقی شیعرەکە، بەڵگەیەکی پتەوی دیکەم لەبەردەستدا نییە.هەموو شیعرە سەرکەوتووەکانی سوارە، هاوڕێن لەگەڵ پۆلێک کەرەستە و شتی تازە، کە زیاتر هەر هی سوارەن . ئەگەرچی دەربڕینێکی هاوبەش هەبوو لە ناو دەستە هاوەڵانی سوارە، هاوار و چاوەدا، بەڵام روانین و ئاخافتنی سوارە دیسان تایبەترە. هەندێک هێما و خوازەی دەگمەن و دانسقە لە جیهانی سوارە دا هەیە ،وەک:

**پێکەنینت زایەڵەی سەوزی شەتاوە**

**چاوی شینت گۆمی مەندی پڕ لە ماسی زەرد و سوری بەر هەتاوە**

**دەشتی ئەو پەڕ نادیار**

**پەنجەرەی نیوە تاکی بوومە لێڵ**

**زەمزەمەی زوڵالی خیزە وردەکانی کانی**

**هەرێمی زۆنگ و زەلخاکینە خەون و خەوە بەردینە....**

**کە هەموو شیعرە کوردیەکانی بە یەکەوە دەبەستێتەوە. لە شیعرەکانیدا هەمیشە بێجگە لە داهێنانی لێکدراوەی ئینتزاعی، هێماو خوازەی نا ئاشنا و وێچوونی نوێ و پاراستنی کێشی دەرەوەی شیعرەکە - کە عەروزی و بڕگەیین، هارمۆنیەکی دەروونیش لە ناوەوە هاوکاری وشەکان دەکات، بۆئەوەی واتاکان دڵگیرتر و جوانتر بێنە هەرێمی گوتار، بەڵام لەو دوو بەشەی دواییدا ئەو تایبەتمەندیە زمانیەی شیعری سوارە لە چەند شوێندا نەبێ نەپارێزراوە. چەند دێڕێکی وەک ئەمانە:**

**نا ئەی هەنیەت وەک مانگەشەو**

**نا دەریای مەندی چاو بە خەو**

**بەو زارە لە زەردە زیزە**

**ماسی تاسە باری دەستی تینووت**

شیعرەکە بە سەرەتایەکی زۆر رۆمانتیکانە دەستپێدەکات، بە نۆ وێنەی شیعریەوە خۆی سازدەکات لەگەڵ دڵدارەکەی- کە ئەنجامی هەموو تێرامانێکی پێ نەگەشتنێتی- بەرەو روو بێتەوە. دێڕ بە دوای دێڕدا پڕە لە وشەی پەپوولەیی، سەوز بۆن خۆش، نیانیەکی ئۆخژندەری هەناو، شاعیر باڵ دەبزێوێت و ....، لەپێشدا ئاماژە بەوە کرا هارمۆنی ناو هەناوی وشەکان، هەمیشە رازێنەرەوەی مانا و وێنەی شیعری سوارەن. هاوسازیەکی پتەو لە نێوان واتای وشە و دەنگی وشەدا هەیە. ئەم پێوەندیە چڕە، روحێکی پاراو و دەگمەن دەنێتە بەر سۆز و شیعرەکانی، لە شیکردنەوەی بەشی یەکەمی شیعرەکەدا ،ئەم مەبەستە باشتر دەردەکەوێت، لە وێنەی یەکەمی ئەم بەشەدا، شاعیر دڵدارەکەی بە دەریایەکی ئارام و جار و بار یاخی دەشوبهێنێ :

**تۆ دەریامی**

**بە روانینی دوو چاوی شینی بێبنت**

**بەخاوێنیت بەئارامیت کە شێوەی...**

لەگەڵ ئەمەی بە هێنانە بەرچاوی وێنەیەک، ئارامی دەریاکەی خۆیمان بۆ دەنوێنێ، بە کەڵک وەرگرتن لە هارمۆنی دەروونی وشەکانیش، بانگ هێشتنماندەکات تا لە ناخەوە هەست بە ئارامی و بێ خەوشی دەریاکە بکەین .ئەویش لە سۆنگەی پیتەکانی ر-ن- ب-ی-ش-ا-کە بەردەوام بە چەشنێکی رێک و پێک دووپاتدەبنەوە و لە هاونشینی یەکتردا، نەوایەکی ئارام لە چەشنی ئارامی دەریاکەی ئەو دەبەخشن. ئەم پیتانە سەرەڕای ئەمە، وەک کەرەسەیەکی تایبەت رۆحێکی گەورە تر و واتایەکی هەراو تر دەبەخشن بە سەرجەمی شیعرەکە، لە وێنەی دووهەمیشدا:

**«تۆدەریامی**

**بەشەپۆلی لەنجە و لارت**

**بە تووڕەیی جاربەجارت»**

دەریایەکمان بۆ وێنادەکات، کە ئەم ئارامی و نیانیەی پێشووی نیە.لە وێنەی ئاکاری گراویەکەی وشەگەلی»تووڕە«،»شەپۆل»و دووپابوونەوەی دەنگی «ج»و»ر»لەهاونشینی یەکتردا، لە وشەکانی –لەنجە ولارت- جاربەجارت-داوا دەکات تۆ قووڵتر هەست بە تووڕە بوونی دەریایەکی ئارامی چەن سات لەوەوپێش بکەیت، لە وێناکردنی «تۆ دەشتی ئەو پەڕ نادیاری»ش دا «ئەو پەڕ»بە زەربێکی توند و درێژ، کە بە هۆی دەربڕینی بە گوشاری دەنگی –پ- و لەرینەوەی زمان لەسەر دەنگی»ڕ»بە درێژی هەیەتی، دووری و بەرینی دەشتەکەمان روونتر بۆ دەنوێنێ، یانی هەوڵێتی ئەو جۆرەی وێنەکە لە مێشکی شاعیردا گۆڕاوە، ئاواش لە سەر کاغەز بنەخشێتەوە، تا کۆتایی ئەم بەشە ئەم رەوتە ناسکە پارێزراوە. جوانکاری هونەری شیعری چ لە باری فیزیکی و چ لەباری زاتی شیعریەوە، تا رادەیەکی بەرچاو لەم بەشە دا دەوری خۆیان گێڕاوە وەک وشە ، وێنە ، رەمز، مۆسیقای دەرەکی و ناوەکی و...،خوێنەر کە دەگاتە کۆتایی ئەم بەشە ، ئۆخژنی خوێندنەوەی شیعرێکی تەواوی بە بەردا دەکرێ و چێژی شیعرێکی سەر بە خۆی لێ وەردەگرێ، بەڵام کاتێ وشەی «بەڵام ئەی کێژ ئەی چاو نەرم/...بە دوای ئەم بەشە دا قوتدەبێتەوە، ئەوە دەردەخات شاعیر دەیەوێ شیکردنەوەیەکی مانتقی بخاتەروو. لەگەڵ ئەوەشدوا وشەی ئەم بەشە واتا «بەڵام» دەبێتە تەنیا پردی پێوەندی نێوان بەشی1--و 2-- ی ئەم شیعرە. هیچ خالێک یان کەرەستەیەکی دەروونی تێدا بەدیناکرێ، پرۆسەی بە ئەنجام گەییشتنی شیعرەکە بباتەوە سەر بەشی 1-- و لێکیان گرێبدا. کە دەچێتە بەشی دووهەمەوە، خێرا هەست بە پانتایەکی جیاوازتر دەکەی کە باڵی بە سەر هەموو پێکهاتە رەگەزیەکانی شیعرەکەدا کێشاوە.لە هەوەڵ دیاردەکانی ئەم پانتا جیاوازە، وشەی رەق و تووڕە و گرانن، کە سەر تا بە خواری نیوەی دووهەمی گرتۆتە بەر. دەستەواژەیەکی وەک «ئەی جەنجەری تۆڵەی رق تیژ» دەم وەدەست جێگای «رۆح سوکی وەک خەونی خۆش وەک هەناسە«دەگرێتەوە و شێعرەکە بەرەو رئالیستێکی شۆڕشگێڕانە هەڵداوێ و لە نێوان دوو دێ دا رووداوێکی زەقی زمانی روودەدا و رستەی خەنجەری «خەنجەری تۆڵەی رق تیژ»بە هەڵگرتنی چەند دەنگی وشک و گرانی وەک»خ»،»ج»،»لە».»رق تیژ»، هەروەها جۆری دەربڕینی سەکتە داری «رق، تیژ»بە دوای یەکتر دا، رێتمێکی توند و حەماسی دەدا بە شیعرەکە و لەو کەشە رۆمانتیکانەیەی هەوەڵی هەڵداوێرێ و هتد..





سوارەی ئیلخانیزادە

ئەگەر بەشی یەکەم پێکهاتبوو لە رەوە وشەیەکی وەک» دەریا، ئارامی، روانین، شەپۆلی لەنجەو لار، رۆح سوک، خەونی خۆش ،شین و...کە هەمووی دارێژەری پانتایەکی نیان و هێدی بوون و تژی بوو لە داسەکنانێکی دەروونی و تێرامانێکی ورد و تەواو ئەویندارانە، لە بە شی دووهەم دا وشەکان بەرجەستە و توورەترن .وەک « رق، خەنجەر، تۆڵە، برین، پۆڵا، تیژ، خوێن، چەکمە، رەش، سور...کە لە باری ئەستوونیەوە دەنگی خۆدی وشەکان و لە باری ئاسۆییەوە جۆری هاونشینبوونی دەنگەکان پێکەوە ، هەڵچوونێکی حەماسی دروست پێچەوانەی رەوتەکەی پێشوو بە سەر بابەت و شێوەکە دا زاڵکردووە . ئەم گۆڕانە زەق و لە نەکاوە ، پێکهاتەو یەکپارچەیی شیعرەکەی تووشی ئاڵۆزیەکی نامۆ و قەیرانێکی ناخۆش کردووە. ئەگەر ئەم بەشەی دوایی شیعری سوارە خۆی بێت و بە دەم یەکەوە نوسیبێتی، خۆشی هەستی بەو کەم و کوڕی و لێکترازانە کردووە، بە جۆرێک کە لە بەشی دووهەمدا بێئەوەی هیچ پێویستیەک هەستپێبکرێ، بە هێنانەوەی ئەم دوو دێڕە « نا ئەی هەنیەت وەک مانگە شەو /نا ئەی دەریای مەندی چاو بەخەو/بەو زارەی کە لە زەردە زیزە« هەوڵدەدا ئەم -با ئەگەر کەم و کووڕیش نەڵێین-جیاوازیە قەرەبوو کاتەوە. دیارە هەندێک کزی کێش و واتا و رێزمانی تریش لەم بەشە دا هەستپێدەکرێ، کە لەگەڵ ئەوەیدا دوورە لە سەرنجی سوارەی «کچی بەیان» و «خەوە بەردینە« ،بەڵام باسکردنیانم زۆر بە پێویست نەزانی

**(نەتگوتبا لایەکی بیرم لای تۆیە**
**مەگری مەڵێ دەزگیرانم رەنجەڕۆیە**
**بە ئارامی کە شێوەی دڵمەندی تۆیە**
**مەڵێ بەس ئەم گفت و گۆیە )**

بە کورتی و بە کوردی شیعری سوارە وەک چەپکێک ئاوازی رەسەن و سۆزی پیرۆزی دەروونێکی کوردانەیە ، کە لە کێشەو خرۆشی ئەو چرکانە دا گوراون، سەر لە بەری مرۆڤێکی کوردی سازکردووە، بۆیە هەمیشە وەک راستیەک بە سەر زارانەوە بوون و بەرە و هەواری حەز وتاسەکان شەپۆلانیەتی، شیعری سوارە. وەک کەلەپوورێکی پرۆسەی ئەدەبی و بەڵگەیەکی مێژووی ژیانی کۆمەڵگاکەمان، هەر گەش و زیندوو دەمێنێتەوە، بەو پێوانە و تێڕوانینە، دەبێ بڵێم تۆ دەریامی»لە پێکهاتە دا شیعرێکی لاوازە و هیچ پێناچێ سەرلەبەری رەنگدانەوەی پەنجە سێحراوی و تایبەتەکانی سوارەی مامۆستا و یەکێک لە لوتکە یاخیەکانی داهێنانی شیعری ئەمڕۆی کوردیمان بێت. ئەم شیعرە یان دوو شیعرە لە دوو کەسی لێک جیا و بە هەڵە، یاخود بە ئانقەست و بە پێی نیازێکی کاتی پێکەوە لکێندراون، یان ئەوە لە دوو کاتی لێکجیادا سوارە نووسیوێتی و بە هەڵە، یاخود دیسان...

سەرەڕای ئەمەش ئەگەر بەشی یەکەم، واتە لە سەرەتاوە تا «بەڵام ئەی کیژ.../ لە بەشی دووهەم واتە لە وێوە تا کۆتایی هەڵاوێرین، وەک دوو شیعری سەر بە خۆ، دیسان شوێنی تایبەت و کارکردی خۆ دەپارێزێ و دیوەخانی شیعری کوردی خاوەنی دوو شیعری شیاو تر و بە پێز تر دەبێ.

**سەرچاوەکان:**


1.ئیلخانیزادە. خەوە بەردینە. ورمێ.ن.ب. سەلاحەدینی ئەیووبی- چاپی یەکەم1372-

2.ئەرفەع. حەسەن.کردها.

3.گۆڤاری سروە ژ 62، مستەفا شەوقی. ئەحمەد شەریفی

4.شیعرەکانی «هاوار»

5.چەپکە شیعرێکی ئاوارەی «چاوە«